KURDISTAN ENGINEERS UNION

# سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان

## ئەنجومەنی سەندیکا

## لیژنەی نووسینگە ئەندازەییەکان

---

### ڕێنمایی تایبەت بە:

**سەلامەتی پیشەیی(پاراستنی تەندروستی پیشەیی و ژینگە) لە پرۆژە ئەندازەییەکان**

**السلامة المهنية ( الحفاظ على الصحة المهنية والبيئية) في المشاريع الهندسية**

**Occupational Safety (Maintenance OFOccupational &Environmental Health) in EngineeringProjects**

Mob:+964(0)7504668704 Viber: +964(0)7508575232
www.andazyar.org andazyar2011information@gmail.com
ERBIL – 60 STREET

هەولێر - شەقامی شەست مەتری بەرامبەر یاریگای شەهید
فرانسۆهەریری/أربیل- شارع الستيني مقابل ملعب الشهيد فرانسو حريري

# سەلامەتی پیشەیی ( پاراستنی تەندروستی پیشەیی و ژینگە ) لە پرۆژە ئەندازەییەکان

تەندروستی پیشەیی بەشێکە لە تەندروستی گشتی کە لەلایەن رێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) پێناسە کراوە بریتی یە لە : خۆشگوزەرانی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارو کارمەند لە شوێنی کارکردنیان بە هەموو جۆرە کارێکەوە بۆ بە ئامانج گەیاندنی تەندروستی باش بۆ کارمەند بە هەموو جۆرە پیشەیەکەوە ، وە رێگە گرتن لە لادانی تەندروستی کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن لە شوێنی کار.

ژینگە: بریتیە لەو کەش و شوێنەی کە کاری تیادا ئەنجام دەدرێت و گونجاندنی کارمەند لە گەڵ کارەکەی بۆ ئەوەی هەر کەسەو بەپێ ی کارەکەی رابهێنرێ لە گەڵ شوێنی کارو ئەو کارانەی ئەنجام دەدرێت لەپێناو روونەدانی رووداوی دڵ تەزێن و زیان بەخش لەشوێنی کار، جا چ بەهۆی خراپ بەکارهێنانی کەل وپەل و ئامێرەکان یان بەهۆی شێوازی کارکردن یان هەڵەی کرێکار و کارمەند ، وەلەم پێناوەشدا پێویستە لەسەر هەموو کارمەندێك لەسەر پرۆژەکان پابەندی رێنمایەکان و مەرجەکانی سەلامەتی بن تاکو بتوانن بەشێوەك کە ئاماژەیەکی باش بێت بۆ رووی شارستانی ئەو (ئەندازیارو پیشەوەرو کرێکارو بەڵێندەرانەی )کار دەکەن لە پرۆژەکە، وە دوور لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراو بۆ خۆیان و کەل و پەل و ئامێرەکانیان ، لەپێناو ئەنجام دانی پرۆژە ئەندازەییەکان دوور لە هەر رووداوێکی نەخوازراو پاراستنی گیانی ئەندازیاران و پیشەوەران و کارمەندان پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکرێت:

**یەکەم:** پێداویستیەکانی رێکخستنی شوێنی کار:( متطلبات تنظيم موقع العمل)

١. پێوستە پەرژین(سیاج)ێکی گونجاو بە چوار دەوری پرۆژەدا دروست بکرێت.
٢. تابلۆیکی گونجاو لە دەرگای سەرەکی پرۆژە دابنرێت و چەند زانیاریەکی تایبەت بە پرۆژەکە لەسەر بنووسرێ.
٣. شوێنی گونجاو بۆ چوونە ژوورەوەو دەرچوون لە پرۆژە ئەنجام بدرێت.
٤. دیاری کردنی شوێنی خزمەت گوزاریە گشتیەکان لە پرۆژە.
٥. دیاری کردنی شوێنی Office کە بە شێوەیەك نەکەوێتە شوێنی کارکردن.
٦. دروست کردنی شوێنی گونجاو(کۆگا) بۆ هەڵگرتنی کەل و پەل و ئامێرەکان.
٧. دروست کردنی شوێنی گونجاو بۆ خواردنگەو گرنگی دان بە پاك و خاوێنی و جۆری خواردن وکارمەندانی خواردنگەکە.
٨. رێکخستنی شێوازو چۆنیەتی و چەندایەتی هێنانی کەل و پەل و مەواد بۆ سەر پرۆژە بە پێ ی پێویست بە شێوەیەك نەبێتە هۆی دروست بوونی جەنجاڵی و شێواندنی ژینگەی کار لە سەر پرۆژە.
٩. دیاری کردنی شوێنی گونجاو دانانی حاویە بۆ پاشماوەکان بە خۆڵ و خاشاکی زیادەی فرێدراویشەوە و پاشان فرێدانی بۆ دەرەوەی سنووری شارەوانی و شوێنە رێگە پێدراوەکان بەبەردەوامی بە شێوەی رۆژانە یان هەفتانە و بەپێ ی پێویست.

**دووەم:** دانانی ئامێری ئاگر کوژێنەوە لە بەشە کارگێریەکان و کۆگاو شوێنە پێویستەکان لە ناو پرۆژە.

**سێ یەم:**دروست کردنی شوێنی گونجاو بۆ دەرمانخانەو کارمەندی تەندروستی و دابین کردنی دەرمان و پێداویستیەکانی فریاگوزاری سەرەتایی.

**چوارەم :** دانانی رێنمایی و تابلۆی ئاگادارکردنەوە لە دەروازەی پرۆژەو بەشە کارگێریەکان و ناو پرۆژە بۆ رێنوێنی کردن و ئاگادارکردنەوەی سەردانکەرانی پرۆژە.

**پێنجەم :** بەکار هێنانی کۆنکریتی ئامادە کراوو دوور کەوتنەوە لە ئەنجام دانی دروست کردنی کۆنکریت بە شێوە تەقلیدی و دەستی لەسەر پرۆژە ، کە دەبێتە هۆکاری پیس بوونی ژینگە.

**شەشەم** :بەکارهێنانی کەل و پەل و ئامێری سەلامەتی: کەل و پەلی سەلامەتی بەهەموو جۆرەکانیەوە یەکێکە لە گرنگترین پێداویستی سەلامەتی کەسی بۆ (ئەندازیارو پیشەوەرو کرێکار و کارمەند) بە گشتی ،ئامانجی بەکارهێنانی ئەم کەل و پەلانە پاراستنی کەسەکانە لەهەر ئەگەرێکی نەخوازراو لەسەر پرۆژە وبەدوور گرتنی گیانیان لە رووداوی نەخوازراو بەهۆی ئەنجام دانی هەر کارێك ، بۆیە زۆر پێویستە لەسەر پرۆژە کەل و پەلی خۆ پاراستن دابین بکرێت و رێگە بە هیچ کەسێك نەدرێت هەر کارێك ئەنجام بدات لەناو پرۆژە بەبێ بەکارهێنانی کەل و پەلی سەلامەتی ، وەکەل و پەلەکانیش زۆرن و جیاوازان بە پێ ی جۆری کارەکان بەکاردەهێنرێن وبەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. **کلاوی سەر** (خوذة- headpiece): کلاوی سەر یەکێکە لە گرنگترین ئەو کەل و پەلانەی کەبۆ سەلامەتی و پاراستنی سەری ئەندازیاران و پیشەوەران و کرێکاران بەکار دەهێنرێ ، لە ئەگەری کەوتنە خوارەوەی هەر تەنێکی نەخوازراو ،تەنانەت رەنگی کلاوەکە بەپێ ی پیشەی بەکار هێنەر دەگۆرێ ، بۆ نموونە:

- **کلاوی رەنگی سپی** : بۆ ئەندازیارانی دیزاینەرو جێ بەجێ کارو سەرپەرشتیارو بەرێوەبەرو ئەو بەرپرسانەی سەردانی پرۆژەکە دەکەن.
- **کلاوی رەنگی سوور**: تایبەتە بە سەرپەرشتیارانی پاراستنی ئاسایشی پیشەیی ناو پرۆژە.
- **کلاوی رەنگی شین**: تایبەتە بە سەرپەرشتیارانی هونەری (المشرف الفني) پرۆژە.
- **کلاوی رەنگی زەرد**: تایبەتە بە کرێکارو کارمەندانەی لەژێر دەستی سەرپەرشتیارەکاندا کاردەکەن.

**تێبینی: زۆر جار لە هەندێ کۆمپانیاکان بۆ هەموو یەك رەنگ بەکار دەهێنن کە ئامانجەکەی سەلامەتیە**.

٢. **پشتێنەی سەلامەتی**: بۆ ئەو کرێکارو پیشەوەرانەی کە لەبەرزی زیاتر لە ٢ م کاردەکەن بۆ پاراستن لە کەوتنەخوارەوە.

٣. **چاویلکەی خۆپاراستن** : بەپێ ی پێویستی شوێن و کارەکە بۆ پاراستنی چاو لە هەر تەنێکی نەخوازراو.

٤. **دەستەوانە(دەست کێش)**: بۆ پاراستنی دەست و پەنجە لە کاتی ئەنجام دانی کار.

٥. **دەمامك**: بۆ خۆپاراستن لە تۆزو خۆڵ و پاشماوەی کار.

٦. **جل وبەرگی تایبەتی** : ئەو جل و بەرگانە بەپێی جۆری کاری ئەنجام دراو دەگۆردرێت.

٧. **ئەسکەلات** : بۆ کارکردن لە شوێنە بەرزەکان کە پێویستی بە بەکارهێنی ئەسکەلات هەیە و گرنگە بەشەێوەی گونجاو دابنرێت و رەچاوی شوێن وکەش و هەواو هەر ئەگەرێکی نەخوازراو بکرێت.

**٨. پەیژەی (دار ، ئاسن یان ئەلەمنیۆم)** :بۆ سەرخستنی کەسەکان یان کەل و پەلەکان ،پێویستە بەشێوەی رێك و پێك دروست کرابن و بگونجێ لەگەڵ ئەو شوێن و مەبەستەی کەتیایدا بەکار دەهێنرێ و لەگەڵ پاك کردنەوەی لەکاتی پیس بوون و چاك کردنەوەی لەکاتی پێویست.

**حەوتەم : سەلامەتی لە کاری رێگاو بان:** لەکاتی کارکردن لە دروستکردنی رێگاوبان ،زۆر جار رووداوی ترسناك و نەخوازراو تەنانەت هەندێك جاریش پێشبینی نەکراو دێتە پێشەوە،بۆیە زۆر گرنگە کاری پێش وەخت ئەنجام بدرێت بۆ رێگەگرتن لەو جۆرە رووداوانەو پاراستنی گیانی مرۆڤەکان،ئەویش بەدانانی هێماو تابلۆی ئاگادارکردنەوەی خەڵکانی پیادەو شۆفێرەکان لە کات و شوێنی گونجاو، وەك دیاری کردنی پانی رێگاکە بە دانانی هێمای فسفۆری و شریتی بەیەکەوە بەستانی هێماکان و رەنگکردنی شیش و خاڵە دیارکراوەکان بەرەنگی فسفۆری و بەکارهێنانی ئەو کەل و پەل و ئامێری سەلامەتیانەی کە لەسەرەوە باس کران و بەکارهێنانی دەمامك لەکاتی تۆزوخۆڵداو هەروەها لەکاتی دابڕینی رێگا گشتیەکان دەبێت بە هاوکاری لایەنی پەیوەندار رێگایەکی تری یەدەك ئامادە بکرێت و هێماکانی لادان و کارکردن لە شوێنی گونجاو دابنرێن.

**زیانەکانی پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکانی سەرەوە:**

١. زیانی جەستەی و ماددی لەو کەسەی تووشی ڕووداو دەبێت و هەندێك جاریش دەبێتە هۆی گیان لەدەست دان،وەهۆکاری سەرەکی دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی سەرەوە بۆ ڕوونەدانی ئەم حاڵەتانەیە.

٢. بەفیڕۆدانی کاتی کارکردن بەهۆی سەرقاڵ بوونی ستافی کار لە پرۆژە وفریاکەوتنی ئەو کەسەی کەپابەند نەبووەو توشی ڕووداوی نەخوازراو هاتووە لە کاتی کارکردن ، هەروەها دروست بوونی دڵەڕاوکێ و غەمباربوونیان .

٣. بەفیڕۆدانی کاتی سەرپەرشتیاران ، بەهۆی ڕووداوەوەو هەوڵدان بۆ گەیاندنی ئەو کەسەی تووشی ڕووداوەکە بووە بۆ نەخۆشخانەو لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەو دانانی کەسی تر لەو شوێنە و ئەنجام دانی ڕاپۆرت و.....هتد.

٤. کەمبوونەوەی بەرهەمی کار لەو شوێنەدا لە لایەن هەڤاڵانی بریندارەکەو دابەزینی مەعنەویات.

٥. ڕاوەستانی کار بەهەموو شێوەیەك لە گەڵ ئامێرەکان لەو شوێنەی ڕووداوەکەی تیادا ڕوویداوە تاکو ماوەیەکی زۆرو نەمانی شوێنەواری ڕووداوەکە.

**ئامانجەکان:**

١. پاراستنی گیانی ئەندازیاران و پیشە وەران  و مرۆڤەکان بەگشتی.

٢. سەلامەتی و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان.

٣. کارکردن بەبێ ڕووداوی نەخوازراو.

٤. پاراستنی ئامێرەکان.

٥. پاراستنی ژینگە.

٦. پێشکەش کردنی باشترین کارو خزمەتگوزاری.

---

**چەند وێنەیەکی کەل و پەل و پێداویستیەکانی پاراستنی سەلامەتی و ژینگە لە پرۆژە ئەندازەیەکان:**

